# کتێبەکانم



*نووسین و ئامادەکردنی*
*فـــەهـــد گـــردەوانـــی :*

## بەشی دووەم

### خەلیل عەبدولکەریم {خليل عبدالكريم}

نووسەری بەناوبانگی میسری خەلیل عەبدولکەریم یەکێکە لە نووسەرە بەناوبانگەکانی مێژوو و زانیاری ئیسلام..بەرهەمەکانی راستی و دروستی ئەو مێژووە روندەکەنەوە کە لەلای هەندێک بە رەشی ماوەتەوە و روناکی نابینێت...نووسەری زیندوو لە بەرهەمەکانی زیاتر پشتی بەو سەرچاوە ئیسلامیانە بەستاوە کە لەناو نووسەرانی ئاینی ئیسلامی بە گرنگترین سەرچاوە دەژمێردرێن و بۆ باسی ئیسلام گرنگترین سەرچاوەن...مامۆستا خەلیل عەبدولکەریم لە تەمەنی 73 ساڵیدا لە گوندەکی ناوچەی ئەسوان کۆچی دوایی کرد{بەداخەوە رۆژی لەدایک بوون و کۆچی دوایم بەدەست نەکەوت ئەگەر چی لە بەرهەموو سایتەکانیشی گەڕام..ف.گ}زیاتر لە 13 بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە بۆ نوێکردنەوەی بیری ئیسلام...... ئەو بەرهەمانەی بووە هۆی گفتوگۆیەکی ئێجگار زۆر لە نێوان دامودەزگای ئیسلامیەکان...لە سەرەتای پەنجایەکاندا لە ئەزهەر شەریعەوفەقەی ئیسلامی خوێندوە. پاشان یاسای خوێندوە و بووە بە پارێزەر........... لە ساڵی 1976 یەکێک بووە لە دامەزرێنەری یەکگرتووی چەپی {التجمع اليساري} پاشان بووە بە یەکێک لە سەرکردەکانی ئەو یەکێتیە... لە سەر بەرهەمەکانی چەند جار بانگی دادگا کراوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی باسەکانی دەربارەی ئیسلام راست دەرچوون و بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو شێیکردونەتەوە ،نەیان توانیووە تاوانباری بکەن و هەردەم بێتاوان دەربازی بووە ، ئەوەبوو ساڵی 2001 کۆچی دوایی کرد... ئایینی ئیسلام رێگای داوە پیاو چوار ژنی پێکەوەیی هەبێت ،هەر کاتێک یەکێکیانی تەڵاق دا یا مرد دەتوانی یەکێکی تر لە جێگای بگوازێتەوە ، ئەمەش لە ئایەتی خوارەوە هاتووە:{فانكحوا ما طاب لكم من النساء مثنى و ثلاث و رباع ، سوره النساء الايه3} ...لە کتابە بەناوبانگەکانی ناچارم هەندێک بەشی بگۆزمەوە ئێرە هەتا خوێندەوار سوودی لێوەربگری ، لە لاپەڕە 41 – 50 ی کتابی {الجذور التاريخيه للشريعه الاسلاميه} باسی تعدد الزوجات دەکات ، ئەو خوە دەگەڕێنێتەوە بۆ خوەکی کۆمەڵایەتی بەر لە پەیدابوونی ئیسلام، باسی ئەوەش دەکات کە ئیسلامیش نەیتوانی پیاو بە چوار ژن ببەستیتەوە، بەڵکو تەڵاق دەتوانی ئازادی بکات بۆ وەدەست خستنی ژنی تر بە مەرجێک هەر خاوەنی چوار بێت...بۆیە خەلیفەی راشیدین و ئەوانەی {المبشرين بالجنه}ش گەلەک ژنیان هێنایە، لێرەدا باسی هەندەکیان دەکەین :-

**1/** ئەبوبەکر سدیق{ابو بكر الصديق}چوار ژنی هێناوە ، دووان لە سەردەمی جاهلی و دووان لە ئیسلام...

قتيله بنت عبدالعزى ، لە تیرەی بنی عامر بن لوەی دایکی عبدالله و اسماء

ام رومان بنت عامر(دایکی عائشه ام المؤمنین و عبدالرحمن)کچی الحارث له تیره‌ی بنی فراس بن غنیم بن کنانه.

ئه‌و دووانه‌ی له جاهلی گواستبۆوه...

اسماء بنت عمیس الخثعمیه . دایکی محمد

حبیبه بنت خارجه بن زید .

ئه‌و دووانه‌ی له سه‌رده‌می ئیسلام بوونی گواستبووه.

2/ عومه‌ر کوری خه‌تاب{عمر بن الخطاب} نۆ(9) ژنی هێناوه،

زینب بنت مظعون بن حبیب . دایکی عبدالله و عبدالرحمن و حفصه.

ام کلثوم بنت علی بن ابی طالب . دایکی زید و رقیه .

ام کلثوم بنت جرول بن مالک .

جمیله بنت ثابت بن ابی الافلح .

ام ولد سریه تسمی لهیه{انجبت له ابا المجبر}.

ام ولد{انجبت له عبدالرحمن الاصغر}.

ام حکیم بنت الحارث بن هشام .

ام ولد تسمی فکیهه{انجبت له زینب}.

عائکه بنت زید بن عمرو بن نفیل{وهی بنت عمه}.

3/ عوسمان کوری عه‌فان{عثمان بن عفان} ئه‌ویش 9 نۆ ژنی هێناوه ،

رقیه بنت محمد بن عبدالله .

ام کلثوم بنت محمد بن عبدالله ، له‌به‌ر ئه‌وه پێیان گووت{ذو النورین}.

فاطمه بنت غزوان .

ام عمرو بنت جندب الازد .

فاطمه بنت الولید بن عبد شمس .

ام البنین بنت عینیه بن حصن .

رمله بنت شیبه بن ربیعه .

نائله بنت الفرافصه بن الاحوص .

ام ولد{انجبت له ام البنين}.

4/ عەلی کوری ئەبوتالیب{علی بن ابی طالب} ئەویش نۆ 9 ژنی هێناوە،

فاطمه بنت محمد بن عبدالله . دایکی حەسەن و حوسین و محسین و ام کلثوم و زەینەب .

خوله بنت جعفر بن قیس . دایکی محمد که ناوبانگی دەرکرد به ابن الحنفیه.

ام البنین بنت حزام .

لیلی بنت مسعود بن خالد .

اسماء بنت عمیس .

الصهباء ام حبیب بنت ربیعه .

امامه بنت ابی العاص{امها زینب بنت محمد}.

ام سعد بنت عروه بن مسعود الثقفی .

محیاه بنت امری القیس بمن عدی .

جگە لە خەلیفەکانی راشیدین ئەوانەش ژنیان زۆر هێناوە : طلحه بن عبیدالله 9نۆ ژنی هێناوە... الزبیر بن العوام 6 شەش ژنی هێناوە...عبدالرحمن بن عوف 20بیست ژنی هێناوە...سعد بن مالک سعد بن ابی وقاص 11یانزدە ژنی هێناوە...

گوتمان تەلاق وای لە پیاو کردوە کە لە چوار ژنان زیاتر بهێنی ، هەر بەهەمان شێوەش وای لە ژن کردووە لە مێردێک زیاتر بۆخۆی بکات ، کەواتە ئافرەتیش توانیوویە لە شویەک زیاتر بکات.
هەندێک لەو ئافرەتانەی کە لە 5 و 4 و 3 شو زیاتریان کردووە:-

1/ عاتکه بنت زید بن عمرو بن نفیل{ابنه عم عمر بن الخطاب} پێنج 5 جاران شووی کردووە،
عبدالله بن ابی بکر .

عمر بن الخطاب .

طلحه بن عبیدالله .

محمد بن ابی بکر .

عمرو بن العاص .

2/ ام کلثوم بنت عقبه بن ابی معیط ، چوار 4 شووی کردووە.

زید بن حارثه .

الزبیر بن العوام .

عبدالرحمن بن عوف .

عمرو بن العاص .

**3/ عائشه بنت طلحه بن عبيدالله ، سێ 3 شووی کردووه،**

عبدالرحمن بن ابی بکر .

مصعب بن الزبير بن العوام .

عمر بن عبيدالله .

**4/ ام کلثوم بنت علی بن ابی طالب ، سێ 3 شووی کردووه،**

عمر بن الخطاب .

عون بن جعفر الطيار بن ابی طالب .

محمد بن جعفر بن ابی طالب .

**5/ ام اسحق بنت طلحه بن عبيدالله ، سێ 3 جار مێردی کردووه،**

الحسن بن علی بن ابی طالب .

الحسين بن علی بن ابی طالب .

محمد بن عبيدالله بن عبدالرحمن بن ابی بکر الصديق .

**6/ اسماء بنت عميس ، ئەميش 3 سێ جار شووی کردووه ،**

جعفر الطيار بن ابی طالب .

ابوبکر الصديق .

علی بن ابی طالب .

جگە لەو ئافرەتانە .ئەوانەش مێرديان زۆر کردووە:ـ سکينه بنت الحسين بن علی بن ابی طالب حەوت 7جار شووی کردووه...ميمونه بنت عبدالرحمن بن ابی بکر الصديق 4چوار مێردی کردووه.

بێگومان ئەو ژنانه لە تيرەی قورەيشن و هەندەکيان کچە خەليفه راشيدين و هەندەکيان کچی العشره المبشرين بالجنه ن واته لەباری کۆمەڵايەتی يەوه بەرالا نەبوون و ئەوەش نيشان دەدات ئەو کاته بەر لە هاتنی ئايينی ئيسلام عارەب لەباری تەقاليدەوه زۆری ژن هێناوه و زۆری مێرد کردووه ، بۆيه لەکاتی هاتنی ئايينی ئيسلاميش ئەو رەوشته بەردەوام بووه.

## ناوی کتێبەکانی مامۆستا خەليل عەبدولکەريم :-

**1/ الجذور التاريخيه للشريعه الاسلاميه...133 لاپەڕەيه.**

**2/ النص المؤسس و مجتمعه...من نيمه گوايه دوو بەرگه {مجلد} بەڵام لە ئينتەرنێت هەيه.**

3/ شدو الربابه باحوال مجتمع الصحابه...سێ بەرگە {1ـالسفر الاول محمد والصحابه...233 لاپەرەیە. 2ـالسفر الثانی الصحابه والصحابه...424 لاپەڕەیە. 3ـالسفر الثالث الصحابه والمجتمع... 392 لاپەڕەیە.}

4/ فتره التکوین فی حیاه الصادق الامین...من نیمە لە ئینتەرنیت هەیە.

5/ مجتمع یثرب العلاقه بین الرجل والمراه فی العهدین المحمدی والخلیفی...99 لاپەڕەیە.

6/ دوله یثرب بصائر فی عام الوفود وفی اخباره... 408 لاپەڕەیە.

7/ قریش من القبیله الی الدوله المرکزیه...من نیمە لە ئینتەرنیت هەیە .

8/ العرب والمراه:حفریه فی الاسطیر المخیم...من نیمە.

9/ موقف الاسلام من العمل والعمال...من نیمە.

.........................................................................................................